# ئێوارەی پەروانە.. بەختیارێکی تر

**ئیدریس عەلی**
Edrisali1972@yahoo.com

ئەورۆژگارەی رۆمانی ئێوارەی پەروانە دەرچوو خوێنەران‌و ژمارەیەکی زۆر لەرۆشنبیران هەستیانکرد لەبەردەم شاکارێکی جوان‌و نەمردا راوەستاون کە پێشتر نەیانبینیوە، هەستیانکرد کەئیتر دەبێت بەچاوێکی ترەوە بخوێننەوە، چونکە لەوساتە وەختەدا ئێوارەی پەروانە مێسجێکی ئەدەبی بوو بۆ ئەوانەی کە پێیان وابوو ئەدەبی کوردی تەنها ئەوانەی بەرهەمهێناوە کە لەرابردوودا نووسراون.. پێیانوابوو داهێنانی ئەدەبی تەنها ئەوەیە کەلەلا پەڕەکانی رابردوودا تۆمارکراون، نامەوێت بچمە سەر ئەوباسەی کە لەوسەرەتایەوە کە شاکاری ئێوارەی پەروانە هاتە بەرچاوی خوێنەران‌و تائێستەش کە جگە لەچاپکردنەوەی دووجار بەرەسمی، چەندین جاریش لێرەو لەوێ بەبێئاگایی نووسەر چاپکراوەتەوە، کەچی هێشتا خوێنەران بەتامەزرۆو شەوقێکی سەیرەوە دەیخوێننەوە هێشتا خەڵکی وەك هەواڵێکی تازە بەیەکتر دەڵێن: ئێوارەی پەروانە چاپکرایەوە.

لەماوەی نێوان چاپی یەکەمەوە تائێستا لێرەو لەوێ گەلێ قسەی بێبنەما لەسەر ئێوارەی پەروانە کرا، هەنێك هەر لەخۆوە دەیانوت " ئێوارەی پەروانە لەفلان رۆمانەوە وەرگیراوە" کەچی دەرکەوت بەختیار عەلی هەر ئەورۆمانەشی دەدییوو کە دەیانوت لێوەی وەریگرتووە، بەشێك پێیان وابوو " بەختیار دزێکی وریایەو عاقڵانە دەتوانێت کار لەسەر تێکستی تر بکات‌و بیهێنێتە ناو خەیاڵات‌و نووسینەکانی خۆیەوە" لەمبارەوە دەیانوت" ئیتر لەدوای ئێوارەی پەروانەوە یەك دێڕی پێنامێنێ ناوی رۆمان بێت" بۆ بەدبەختی ئەو قسەکەرانە کە دەنگیان لەتاریکیەوە دەهات لە پاش ئێوارەی پەروانەوە دووشاکاری دیکەی بەختیار وەڵامێك بوون کە دەکرا ئیتر بێدەنگبن‌و ئەگەر هێزی خوێندنەوەیان ماوە تەنها دانیشن‌و بەبێدەنگی بیا نخوێننەوە..هەندێك هەبوون ئاراستەی رەخنەو قسەکانیان لەسەر ئێوارەی پەروانە دەکردە گەنجە خوێنەرەکان‌و دەیانویست قەناعەت بەو گەنجانە بکەن کەواز لەخوێندنەوەی ئەو دەقانە بێنن‌و هەڵنەخەڵەتێن بەفەنتازیای نووسەرێکی خەیاڵپلاو ی وەك بەختیار عەلی، چونکە ئیتر ئەو نووسەرە دەستەکەی کەشف بووە جگە لەدزێکی کەشفبوو هیچی دیکە نییە..! دیسانەوە چاپکردنەوەی ئێوارەی پەروانە لەنێو چپ‌وهوڕی سەرسوچ‌و گۆشەی چاخانەو مێزەساردەکانی شەواندا مێزجێکی دیکەی ئەدەبی بوو، بەتاییەت کاتێ دەبینین هێشتا پڕفرۆشترین کتێبە لەکتێبخنەی کوردیدا، ئەبینین نەوەیەکی تازە کە فریای ئەوەنەکەوتن بەر چاپی یەکەمی بکەون‌و تەنها لەزاری ئەوانەی پێش خۆیانەوە دەیانبیست ئێوارەی پەروانە چییەو فەرەیدوونی مەلەك و خەندانی بچکۆلەو گۆڤەند و کێ‌و کێ چین..؟ ئێستا بەهۆی چاپکردنەوەی ئەم شاکارەوە هەم گەنجانێکی تازە پێگەیشتوو دەیخوێننەوە هەم مەعلومیش دەبێت تێکستێك یان نووسینێکی دزراو تەمەنی درێژ نابێت‌و دزێك ناتوانێت بۆ ماوەی چەندین ساڵ خۆڵ بکاتە چاوی خوێنەر، رەنگە دزی ئەدەبی کرابێ‌و ئێستاش هەبێت، بەڵام کێ دەتوانێت دەقێکی دزراومان پێبناسێنێت پاش کەشفکرنی یەك شەو لەکتێبخانەی هیچ کەسێکماندا یان لەخەیاڵی هیچکامماندامابێتەوە.. من دڵنیام نامێنێتەوە ئەونووسەرانەش کەلەسەر پاشماوەی نووسینی ئەم‌و ئەو دەنووسن‌و خۆیان وەك داهێنەر دەناسێنن رەنگە بۆماوەیەکی کاتی‌و کەمخایەن بازاڕی خوێنەری خۆیان گەرمبکەن بەڵام ئەی دواتر چیی؟ ئەی بەرهەمەکانی دواتر چیی بەسەر دێت؟ کێ یەك عانە بەنووسینێك دەدات کە دڵنیایە لەوەی دزراوە؟ ئێمە لەسەردەمێکداین تائەندازەیەکی کەمیش بێت لەهەندێك ئاماژەو بابەت تێدەگەین، ئەوەش رۆشنە کە جوانی بەهەموو هێزی خۆیەوە دێت بەڵام لە پشت هەموو تاریکیەکانەوە لە پشت هەموو بێدەنگیەکانەوە تیربارنی دەکەن،بەڵام خۆ جوانی شتێك نییە بمرێت ئەوە ئێمەین سبەینێ دەبینە شاهیدی شتەکان‌و وەك خەندان چیرۆکەکان دەگێڕینەوە، ئەوە ئێمەین دەبینە پاسەوانی جوانی‌و لە پێناو مانەوەو جاویدانیدا بەرگری لەحەقیقەت‌و نەمری دەکەین.